# بەشاریبوون وگەشەی شارنشینی لە دەوڵەتی پێشکەوتوودا

## توێژینەوەیەکی تیۆری وەسفییە

## توێژینەوەیەکی وەرگیراوە (مستل) لە پڕۆژەی تێزی دکتۆرا

**پ.ی.د.عالیە فرج مصطفی**
زانکۆی سلێمانی-کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتیەکان
بەشی کۆمەڵناسی
alia.mustafa@univsul.edu.iq

**م. نیاز عزالدین محمد**
زانکۆی سلێمانی-کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتیەکان
بەشی کۆمەڵناسی
Nyaz.mohammed@univsul.edu.iq

**ملخص البحث**

يعتبر التحضر من العوامل المستدامة والدافعة للتغير في مجالات المجتمع المختلفة، فضلا عن أن التحضر كعملية ديموغرافية إجتماعية تنموية تؤثر بدورها على أنماط السلوك الحضري.

التحضـــر من العمليات ذات الأبعاد المختلفة والتي تختلف بين الدول المتقدمة والدول المختلفة من حيث أعتمادها في الدول المتقدمة على كل من: حضـــور ووجود نخب الفنيين و المتخصـــصـــين، التغير في الكثافة الســـكانية، التغير المستمر في هرم المهن الصناعية والتجارية، وجود تخطيط حضري....الخ.

يتجلى دور وأثر التحضر في الدول المتقدمة في كل من: الإ ستمرار في تطور التخصصات المهنية الى تخصصات دقيقه أكثر، الفرصة المتاحة للمواطن للمشاركة السياسية والتأثير في عمليات إتخاذ القرار السياسي، أنماط مختلفة من فرص الإنتقال لمستويات الحياة.

إعتمدت الباحثة في هذه الدراســة على المنهج التأريخي والأســلوب الوصــفي والتحليلي لدراســة كل من التحضــر والنمو الحضري في الدول المتقدمة، فضلا عن الأخذ بنظر الإعتبار إختلاف المجتمعات في محاولة الكشف عن العوامل والمؤشرات المتعلقة بالتحضر والنمو الحضري.

**Abstract**

Urbanization in developed countries: Urbanization is considered one of the sustainable and driving factors for change in various areas of society, in addition to the fact that urbanization as a demographic, social and development process in turn affects the patterns of urban behavior.

Urbanization is one of the processes of different dimensions that differ between developed countries and different countries in terms of their dependence in the developed countries on: the presence and presence of elite technicians and specialists, the change in population density, the



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

continuous change in the hierarchy of industrial and commercial professions, the presence of urban planning.... etc.

The role and impact of urbanization in developed countries is manifested in: the continuation of the development of professional specializations into more precise specializations, the opportunity available to citizens for political participation and influence in political decision-making processes, different types of transition opportunities to life levels.

In this study, the researcher relied on the historical approach and the descriptive and analytical method to study both urbanization and urban growth in developed countries, as well as taking into account the difference of societies in an attempt to reveal the factors and indicators related to urbanization and urban growth.

**دەستپێك:**

پرۆسەی بەشاریبوون لە دەوڵەتە پێشكەوتووەكاندا بەدوایدا پێشكەوتنی تەكنەلۆجیا و پیشەسازی هێنایە ئاراوە، دوای بڕینی ماوە سـەختەكانیان لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە، ئەمانە بوونە ئەزمونێكی باش بۆ كۆتایهاتن بە نەهامەتیەكانیان كەوابكات دیاردەی بەشـاریبوون ببێتەهۆی گۆڕینی شـێوازی ژیانی كۆمەڵگەكانیان وتاكەكانیان لەناو ئەو ژینگە دیاریكراوەدا كە هەڵگری خەسڵەتی تایبەت بەخۆیانبوون بۆ ئەم مەبەسـتە، هەربۆیە لێرەدا هەڵدەسـتین بە خستنەڕووی هۆكارو ئاماژەپێدەرەكانی بەشاریبوون وگەشەی شارنشینی لە دەوڵەتە پێشكەوتووەكاندا.

**یەكەم: ڕەگەزەكانی توێژینەوەكە**

**١.كێشەی توێژینەوەكە The problem of study**

دیاردەی بەشـاریبوون و گەشـەی شـارنشـینی دیاردەیەكی بەربڵاون لەسـەر ئاسـتی كۆمەڵگە جیاوازەكان، لەگەڵئەوەشـدا پرۆسـەیەكی كۆمەڵایەتی و ئابوری ئاڵۆزیشـە كە ژینگە ئاوەدانیەكە دەگۆڕێت، ئەم پرۆسـەیە لە كۆمەڵگەی پێشكەوتوودا جیاواز دەبێت لە كۆمەڵگەی تازەپێگەیشتووەكان بەهۆی بوونی هۆكارو كارتێكەری جیاوازو جۆراوجۆرەوە لەهەموو ڕووەكـانەوە، سـەرەڕای ئەوەی مرۆڤیش هەمیشـە ئـارەزووی نوێگەری دەكـات بۆئەوەی ژینگەیەكی لەبارو شـیاوی دەسـتبەكەوێت بۆ نیشـتەجێبوون، بۆ ئەم مەبەسـتە پەیوەندی ئەم دیاردەیە بە دەوڵەتانی پێشكەوتووەوە خراوەتە بەر باس وتوێژینەوە بۆ تێگەیشتن لەو هۆكارانەی كە بوونەتەهۆی گەشەی شارو بەشاریبوون لە دەوڵەتە پێشـكەوتووەكاندا، كێشـەی توێژینەوەكە بریتیە لە (خسـتنەڕووی پرۆسـەی بەشـاریبوون و گەشـەی شـارنشـینی لە دەوڵەتە پێشـكەوتووەكاندا وهۆكارەكانی پشـت ئەم جیاوازیەی لەگەڵ دەوڵەتانی تازە پێگەیشـتوودا) بەپشـتبەسـتن بەو سـەرچاوە زانسـتیانەی كەلەم توێژینەوەیەدا بەكارهاتوون هۆكارو ئاماژەپێدەرەكان بۆ پلەی بەشاریبوون لە دەوڵەتانی پێشكەوتوودا ئاماژەپێكراوە بۆ ئەوەی كێشەی توێژینەوەكە بەدەربخات.

**٢.گرنگی توێژینەوەكە The importance of study**

هەموو توێژینەوەیەك گرنگی تـایبەت بەخۆی هەیە، ئەم توێژینەوەیەش گرنگیەكەی لەوەدا بەدەردەكەوێـت كە هەوڵی خسـتنەڕووی هۆكاری جیاكەرەوەی پرۆسـەی بەشـاریبوون و گەشـەی شـارنشـینی دەدات لە دەوڵەتە

پێشـــکەوتووەکاندا بە جیاواز لە دەوڵەتانی تازە پێگەیشـــتوودا، و گرنگی تیۆریشـــی هەیە بەو پێیەی توێژینەوەکە تیۆرییە بەپشتبەستن بەسەرچاوە زانستیەکان کە تایبەتە بە لێکۆڵینەوە لە دیاردەی بەشاریبوون وگەشەی شارنشینی لە دەوڵەتانی پێشـــکەوتوودا، و توێژینەوەکە دەبێتە پاشـــخانێکی زانســـتی بۆ ئەو توێژینەوانەی دواتر لەســـەر ئەم دیاردەیە توێژینەوە ئەنجامدەدەن.

**٣.ئامانجەکانی توێژینەوەکە The Aims of study**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات ئەو هۆکارانە بخاتەڕوو کە بوونەتەهۆی گەشـــەی شـــارو بەشـــاریبوون لەدەوڵەتانی پێشکەوتوودا، هەروەها هەوڵدەدات بۆ خستنەڕووی ئاماژەپێدەرە جیاوازەکان و پێشبینیەکان سەبارەت بە دەوڵەتە پێشـکەوتووەکان لەڕووی بەشـاریبوونەوە بەجیاواز لە دەوڵەتە تازەپێگەیشـتووەکان کە بۆتە خاڵی جیاکردنەوەیان لەگەڵیەکتردا.

**٤.میتۆدی توێژینەوەکە Research Methodology**

مەبەست لە دیاریکردنی چوارچێوەی میتۆدی بۆ توێژینەوە زانستیەکان کێشانی چوارچێوەیەکی زانستیانەیە بۆ بابەتی توێژینەوەکە لەلایەن توێژەرەوە، ئەمیش لەپێناو تێگەیشـــتنێکی زیاتر وگەڕان بەدوای ئەو ڕاســـتیانەیە کە پەیوەندیان بە کێشەی توێژینەوەکەوە هەیە ئەمەش بەچەند قۆناغێکدا تێدەپەڕێت بەوەی لە سەرەتادا بەهەڵبژاردنی کێشـەی توێژینەوەکە و دیاریکردنی بەووردی دەسـتپێدەکات و لە دوای ئەمانەش کۆکردنەوەی ئەو داتایانەی دێت کە تایبەتن و پێویستن سەبارەت بە کێشەکە دواتریش چارەسەری بۆدەکرێت (خمش، ٢٠٠٥: ٢٤٩-٢٥٠)، لێرەدا کۆمەڵێك لە میتۆدی زانسـیتیمان هەیە لەبواری زانسـتەمرۆڤایەتیەکاندا بەشـێوەیەکی گشـتی و لەبواری کۆمەڵناسـیدا بەتایبەتی بەوەی هەندێکیان تەنها وەســـفی دیاردەکە یان بابەتی توێژینەوەکە دەکەن بەڵام هەندێکیتریان شـــیکردنەوە و ڕوونکردنەوەشـــی بۆ دەکەن (ســـعید، ٢٠٠٥: ١٨٣)، لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی مێژووی شـــێوازی وەســـفی و شـــیکاری بەکـارهـاتووە بەو پێیەی توێژینەوەکە تیۆرییە، بۆیە ئەم میتۆدە بەکـارهـاتووە چونکە میتۆدێکی زانســـتیە و وەك پێویستیەکی زانستی و ئەکادیمیە بۆ بابەتەکە.

**دووەم: پێناسەو بەشاریبوون وگەشەی شارنشینی لە دەوڵەتە پێشکەوتووەکان.**

**٥. پێناسەی بەشاریبوون وگەشەی شارنشینی و دەوڵەتە پێشکەوتووەکان**

" **کلاید میشـلClyde Mitchell"** پێناسـەی بەشـاریبوون دەکات بەوەی پرۆسـەی گۆڕانە لەکاری کشـتوکاڵیەوە بۆ پیشەیەکیتری باوی ناو شار، گۆڕانیشە لە جۆرەکانی هەڵسوکەوتدا(ڕەواندزی، هەنارەیی،١٤١:٢٠١٤).

بە شاریبوون پرۆ سەیەکی هەڵسوکەوتیە خۆیدەنوێنێت لە گۆڕانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و ئاوەدانیشدا کە بەهۆی گواسـتنەوەی دانیشـتوانیەوە دەبێت لە لادێوە بۆ ناوچە شـارنشـینیەکان کە پەیوەندیە تەکنەلۆجی و پیشـەسـازیەکان تیایدا باوە(تمر، الجلبي،٢٠١٨: ١١٢).

بەشـاریبوون لەلایەنی ڕێکخسـتنیەوە بریتیە لە گواسـتنەوەی کۆمەڵگە لە سـادەوە بۆ ئاڵۆز بەواتایی پەرەسـەندن دێت لە سیسـتمی کۆمەڵایەتی و سـەرهەڵدانی ڕێکخسـتنی فەرمی و نافەرمی، وپەرەسـەندن لە بازاڕە خۆجێیەکان و

جیهانیەکاندا، کە ئەو پەرەسەندنە کۆمەڵایەتیە بەوەرگرتنی پێداویستیەکانە لەهەردوو سیستمی ئابوری وکۆمەڵایەتیدا، سەرەڕای ئەو گۆڕانە کۆمەڵایەتیە بەدوایە کانەی کە لە ڕووی بونیادی و وەزیفەوە ڕوودەدەن وەك خێزان، قوتابخانە ودامودەزگای ئایینی(وناسي، ٢٠٠٩: ٢٠).

پێناسەی ڕێکاری بۆ چەمکی بەشاریبوون: بریتیە لە فراوانبوونی جوگرافیای شار و زیادبوونی چڕی دانیشتوان وگۆڕانی بەردەوام لە تێڕوانین بۆ پلەی ئاڵۆزی و پیشەو کار

چەمکی گەشەی شارنشینی ناتوانرێت کورتبکرێتەوە لە زیادبوونی ژمارەی دانیشتواندا بەڵکو گەشەیەکی شێرپەنجەییە هەربۆخۆی وەك ئازارو گرێ وایە لە دەوروبەرو لایەکانی شاردا. وادائەنرێت کە گەشەی شارنشینی کۆمەڵێك لە گۆڕان وگۆرانکاری بێت لە جۆرو شێوەکانی چالاکیە ئابوری کۆمەڵایەتیەکان ڕووبەڕووی دەبنەوە، و زۆربوونی ئەم چالاکیانە ئەبێتە هۆی گەشە وفراوانبوونی بەردەوامی شارنشینی (فوزي،٢٠٠٩: ١٨).

گەشەی شارنشینی وەکو دیاردەیەکی جیهانی خۆی بەدەردەخات،کە هۆکارو ئەنجامی ئەو پرۆسە ئیکۆلۆجی و کۆمەڵایەتی وئابوریە جیاوازانەیە کەلە ژینگە سروشتی و مرۆییەکەدا تێدەپەڕێت،و پێناسەشی دەکرێت بەوەی زیادبوونە لە ژمارەی دانیشتوانی شارنشینیدا کە بەندە یاخود ڕادەوەستێت لەسەر کۆچ لە لادێ بۆ شار لەلایەك و زیادەی سروشتی دانیشتوانی لەلایەکی ترەوە ( رەواندزی،هەنارەیی،٢٠١٤:١٤٢).

پێناسەی دەوڵەتانی پێشکەوتوو: ئەم زاراوەیە بەکاردێت بۆ ئاماژەدان بەو دەوڵەتانەی کە داهاتی تاکیان بەرزە ( ناوە ندی دا هات بۆ هەموو هاوڵاتیان)، لەگەڵ بەرزی ئاستی بژێو یان (جۆرێتی وچە ندێتی کاڵا وخزمەتگوزاری بەردەست لە کۆمەڵگەکەدا)، لەگەڵ درێژی تەمەنی پێشبینیکراو(ناوەندی تەمەنی پێشبینیکراوی هاوڵاتیانی دەوڵەتەکە)، وپێوانەی تریش کە پەیوەندیدارن بە بەرزی جۆری ژیانی تاکەوە(حنفي، ٢٠٢٠).

پێناسەی دەوڵەتانی پێشکەوتوو دەکرێت بەوەی ناودەبرێن بە دەوڵەتانی جیهانی یەکەم و دەوڵەتانی پیشەسازی و ئابوری پێشکەوتووکە بەرزترین ئاستی بژێویان هەیە، یاخود ئەو دەوڵەتە گەورانەن کە ئاستێکی بەرزیان هەیە لەڕووی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیاوە ([www.business4lion.com](www.business4lion.com)).

**٦. بەشاریبوون و گەشەی شارنشینی لە دەوڵەتە پێشکەوتووەکاندا و ئاماژەپێدەرەکانی**

دەوڵەتە پیشەسازیەکان ئەو دەوڵەتانەن کە تاکەکانیان لە کۆمەڵبوونە دانیشتوانیە قەبارە گەورەکاندا دەژین وپیادەی پیشەی جیا لە کشتوکاڵ دەکەن. سەرەتای سەدەی حەڤدەیەم دادەنرێت بە سەدەی دەستپێکی گەشەی شارنشینی ڕاستەقینە لە جیهاندا بەوەی دانیشتوانی جیهان لەسالی ١٨٠٠م گەیشتۆتە ٩٠٦ ملیۆن سەرنشین.

لە سەرژمێری دانیشتوانیدا کە گە شتووەتە ١٠٠هەزار سەرنشین و زیاتر بە ڕێژەی لە سەدا ١,٧ نیشتەجێی شاربوون، لەکاتێکدا ٢٠ هەزار سەرنشین و زیاتر بەڕێژەی لەسەدا ٢,٤ نیشتەجێی شاربوون، بەڵام بەڕێژەی لەسەدا ٣ بۆ شارێك کە لە ١٥٠٠ سەرنشین تێپەڕی کردبوو (نجاة، ٢٠٠٦: ٣٨).

ئەم ڕێژەیە لە ساڵی ١٩٠٠م بەرزبۆتەوە کە سەدەیەکی تەواو دەکات بەوەی لەساڵی ١٩٥٠دا بووبە لەسەدا ١٤، جارێکیتر ئەم ڕێژەیە بەرزدەبێتەوە بۆ لەسەدا ٤٧ لە ساڵی ٢٠٠٠دا (أبوزيد،٢٠١٣).

ئەمە ئاماژەیە بۆ گۆڕانێکی خێرا کە لە نیوەی سەدەی بیستەمدا ڕویدا بوو، بووبە هێمای بزاوت یاخود جوڵەیەکی سەرەکی لەو شێوازەی کە تیایدا دەژیان کە بەرزبوونەوەی ڕێژەی شارە گەورەکان بوو. لەساڵی ١٩٩٠دا ١٠ شار هەبوو کە زیاتر لە ١٠ملیۆن سەرنشینی لەخۆگرتبوو، بەڵام بە دەستپێکی ساڵی ٢٠١٧ کە ٣٤ لەشارە گەورەکان بەڕێژەی لەسەدا ١٢ لە دانیشتوانی جیهانی لەخۆگرتبوو.

لە ساڵی ٢٠٠٧دا زۆرترین ڕێژەی خەڵکی لە شاردا دەژیان وەك لە ناوچە لادێنشینەکاندا، کە ئەمە بۆیەکەمجاربوو لە مێژوودا، بەدەستپێکی ساڵی ٢٠١٤ ڕێژەی بەشاریبوون یەکسانبوو بە لەسەدا ٨٠ یان زیاتر کە لە ئەمەریکای لاتینی و ناوچەی دەریای کاریبی وئەمەریکای باکوربوو، بەڵام لەسەدا ٧٣ لە دەوڵەتە ئەوروپییە کا ندا بوو، لەسەدا ٤٨ لە ئاسیایەکاندا و لەسەدا ٤٠ دا لە ناوچە شارنشینە جیاوازەکاندا بوو، هەندێ لە دەوڵەتیش تەواو بەشاریبوون لەوانە سنغافورە بەڕێژەی لەسەدا ١٠٠، وقەتەر بەدوایدا لەسەدا ٩٩,٢، و کوەیت بەڕێژەی لەسەدا ٩٨,٣، ویابان بەڕێژەی لەسەدا ٩٣,٥، و ئیسرائیل بەڕێژەی لەسەدا ٩٢,١ بوو (دادلي،الكسندر،٢٠١٧:٢٢٧).

دانیشتوانی کۆمەڵگە پیشەسازیەکان زۆربەیان لە شاردا ژیان بەسەردەبەن کە ئەمە دەبێتە خەسڵەتێکی جیاکەرەوەی نێوان دەوڵەتە پێشکەوتووەکان و دەوڵەتانی جیهانی سێیەم بەوەی ڕێژەی دانیشتوانی شار لە ئەوروپادا دەگاتە لەسەدا ٦٣، و لە ئەمەریکای باکور لەسەدا ٧٤، کە لەسەدا ١٤ و لەسەدا ٢٥ دەکەن و بەهەردوکیانەوە لە سەدا ٣٩ پێکدەهێنن لە ڕیزبەندیان لە کۆی دانیشتوانی شار لە جیهاندا کە لەسەدا ٩ و لەسەدا ١٢ لە دانیشتوانی جیهانیش پێکدەهێنن، ئەمەش بەو مانایەدێت کە زۆربەی دانیشتوانی ئەو ناوچانە لە شاردا ئەژین بەتایبەت ئەمەریکای باکور کە لە ساڵی ١٩٩٥ لەسەدا ٧٤ بووە، و پێشبینی زیادبوونی ئەو ڕێژەیە شی لێدەکەن دەکەن بۆ ساڵی ٢٠٢٥ ببێتە لەسەدا ٨٤ (رابح، ٢٠٠٥:٢٦).

پێشبینیشدەکرێت لە ساڵی ٢٠٣٠دا ڕێژەی دانیشتوانی شارنشینی لە کۆی دانیشتوانی جیهاندا بگاتە لەسەدا ٦٠ ئەمانە هەموو ئەو ئاماژەپێدەرانەن کە ئاڕاستەیەکی گشتی نیشاندەدەن بۆ بەرەو بەشاریبوونی کۆمەڵگەکان بەگشتی(ابوزيد،٢٠١٣ )، لەلایەکیترەوە نەتەوەیەکگرتووەکان پێشبینی بۆ ژمارەی دانیشتوانی جیهاندەکەن کە لە ٢٠٣٠دا بگاتە ٨,٥ ملیار سەرنشین، و بەدەستپێکی ساڵی ٢٠٥٠ بگاتە ٩,٧ ملیار سەرنشین، و دواتر لەساڵی ٢١٠٠ ببێتە ١١,٢ ملیار سەرنشین (الأمم المتحدة، بەبێ بەروار).

بەپێی ئەو توێژینەوەیەی **"یونسێف"** کردویەتی لەساڵی ١٩٨٧ دا، لەساڵی ١٩٨٥ تێکڕای گەشەی دانیشتوانی لە ویلایاتی نەتەوەیەکگرتووەکانی ئەمەریکادا لەسەدا ١,٠ بووە لەبەرامبەر فەرەنسا کە لەسەدا ٠,٥ بووە،و بەریتانیا لەسەدا ٠,١ بووە، ویابان گەیشتۆتە لەسەدا ٠,٩، ئەمە ئەوە نیشاندەدات ئەم دەوڵەتانە درەنگتر گۆڕانی دیمۆگرافیان بەخۆوە بینیوە بە بەراوورد بە دەوڵەتانی ڕۆژئاوا.

ئەوەی جێگای تێبینیکردنە ئەوەیە کە گۆڕانی دیمۆگرافی بەڕێژەی لەسەدا ١,٠ وەکو تێکڕای ساڵانەی گەشەی دانیشتوانی لە ویلایاتی نەتەوە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا، ناگەڕێتەوە بۆ زۆربوونی سروشتی دانیشتوانی وەکو دەوڵەتانی تازەپێگەیشتوو، بەڵکو هۆکاری گەورە دەگەڕێتەوە بۆ جوڵەی کۆچکردنی یاسای کە حکومەتی ئەمەریکا



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

ڕێکیدەخات، و ئەیخاتە سەر ئەو زیادبوونی دانیشتوانیە، لەگەڵ هەمووئەمانە شدا دەوڵەتە پێشکەوتووەکان دیاردەی بەشاریبوون تیایاندا بەشێوەکی سروشتیبوو بەواتایەی شارەکانیان لەتوانیاندا هەبوو کە ئەو ڕێژە زۆرە لەدانیشتوان بگرێتەخۆ کە بەهۆی کۆچکردنەوە دەڕژانە ناو شارەکانەوە بەوەی تاکە کۆچکردووەکانی لادێنشینیەکان نەدەبوون بە بارگرانیەك لەسەر ئەو شارە بەڵکو کاریان دەکرد بۆ گەشەکردن وپێشکەوتنی بونیادەکە وپەرەسەندنیشی، هەمووئەمانە وایانکرد ئەو کۆمەڵگەیان پەرەسەندن وپێشکەوتن بەخۆیانەوە ببینن (المیغري، ١٩٩٩).

سەرەڕای ئەمانەش **"ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی"** ئاماژە بە خێرای هەنگاوی بەشاریبوون دەکات بەهۆی جیهانگیریەوە وایکردووە تەکنەلۆجیا و پیشەسازی بگاتە هەموو جیهان، بۆ نمونە لەندەن بەنزیکەیی ١٣٠ ساڵی خایاندووە کە گەشەی دانیشتوانیەکەی لە ١ ملیۆن سەرنشینەوە ببێت بە ٨ ملیۆن سەرنشین، لە کاتێکدا بانکۆك ٤٥ ساڵی خایاند، و سول ٢٥ ساڵ، گەشەی دانیشتوانی شارنشینی لە جیهاندا سەرەتاکانی لە پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا بوو کە تێکڕای گەشەی دانیشتوانی لەسەدا ٣ بووە ساڵانە. لەگەڵ فراوانبوونی پانتایی بەشاریبوون لە جیهاندا خەڵکی بە قەبارەی جیاواز ژیانیان دەبردەسەر لەشاردا، بەشێوەیەکی لێکچوو دابەشببون بەسەر شاردا بەوەی نیوەی دانیشتوانی شار چڕیەکەیان لە دە هەزارەوە بۆ پێنج سەد هەزاربووە، لەکاتێکدا لەسەدا ١٠ لەدانیشتوانی شار لە شارە گەورەکاندا بوون،(بەمە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان پێناسەی بەشاریبوون دەکەن بۆ شوێنە نیشتەجێبوونیە مرۆییەکان کە چڕی دانیشتوانەکەی تێدەپەڕێت لە ١٠ ملیۆن سەرنشین) (تشان،کلیفبی،٢٠١٠: ٧).

**٧. بەشاریبوون و گەشەی شارنشینی لە دەوڵەتە پێشکەوتووەکاندا و هۆکارەکانی**

هەر ئەم دیاردەی بەشاریبوونە وایکردووە زۆرێك لە توێژەرە کۆمەڵایەتیەکان بەلای خۆیدا ڕابکێشی بۆ لێکۆڵینەوە لەو بارەیەوە ئەویش بەهۆی چەند هۆکارێکەوە بوو لەوانە:

**١-**دیاردەی بەشاریبوون، دیاردەیەکی نوێیە بەلای ئەو کۆمەڵگەیانەش کە دامودەزگا و سیستمی جۆراوجۆریان هەبووە، لەگەڵبوونی ئەم چەمکانەش تیایاندا وەك ئاین، زمان،خێزان، پلەبەندی کۆمەڵایەتی.

**٢-**دیاردەی بەشاریبوون وەکو شۆڕشێکە لەگۆڕان لە زۆربەی شێوەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا.

**٣-**پرۆسەی بەشاریبوون دەبێتەهۆی دروستبوونی زۆرێك گرفتە کۆمەڵایەتیەکان، کە ئەنجامەکانی خراپدەبێت لەسەر تاکەکانی لە داهاتوودا.

گرنگیپێدانی زۆرێك لە توێژەران بە ئەنجامەکانی ئەم پرۆ سەیە کە خۆیان ڕیزبەندیدەکەن، بەهۆی ئەو گۆڕانانەوە بوو کەلە دوای پەرە سەندنی پیشە سازیدا ڕوویدا کە زۆرێك لە حاڵەتی ململانێ و دووبەرەکی بەدوای خۆیدا هێنابوو، هەموو ئەم حاڵەتانەش بەهۆی ئەو خێرایەوە بوو کە لە پرۆسەی گۆڕانی شارنشینی ڕوویدابوو و نایەکسان بوو لە بەشەکانی بونیادە کۆمەڵایەتیەکەدا، پرۆسەی بەشاریبوون دەبێتەهۆی گۆڕانی جۆراوجۆر لە ئاراستە کۆمەڵایەتی و کلتوریە کا ندا لەگەڵ ئاستی بژێوی، و ڕێژەی گەشەی دیمۆگرافیدا کە ئەم گۆڕا نانە کاریگەریان دەبێت لەسەر هەڵسوکەوتی تاك لە شاردا. بەشاریبوون ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت لە گۆڕینی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکاندا، ئەو پەیوەندیانە لاوەکی و سوودمەندیی، وئاسایی، وکاتین و کۆنترۆڵی لاوەکیەکان تیایدا زیاد دەبێت ( النصار، ١٩٧٧: ٣١).

لێرەدا پێویســـتە جەختبکرێتەوە لە چەند هۆکارێك کە ڕووکاری کۆمەڵگەی نوێ بەدەردەخات لە ڕاڤەکردنی پلەی بەشاریبوون لە سەدەی هەژدەدا لەوانەش:

**١- هۆکاری شۆڕشی کشتوکاڵی:**

ئەمە بە سترابووە بە بەرهەمی کشتوکاڵیەوە زیادبوونیشی دەبووە زیادبوونی توانای بەدە ست کەوتنی هێزی کار، بەمەش خۆراك بۆ ئەوانە دەستەبەردەکرا کە کشتوکاڵی نەبوون، ئەوانەش کەدانیشتوانی شار بوون پسپۆڕیان هەبووە وەکو بازرگانی و پیشـە. گرنگیدانی مرۆڤ بە زەوی وایکرد کە بازنەی گرنگیدان بە چالاکیەکانیتریش فراوانبېێت، بەمە گەشەی شار وابەستەیەکی توندوتۆڵی هەبوو بە سروشتی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵیەوە.

**٢- هۆکاری شۆڕشی تەکنەلۆجیا:**

داهێنانەکانی مرۆڤ لە بوارە جیاوازەکاندا کاریگەری هەبووە لەسەر گەشەی شار بەوەی ئەو داهێنانانە بوونەتەهۆی زۆربوونی بەرهەم و دە ستکەوتنی کرێکار کەبەمە وایکرد چالاکیەکی نوێ درو ستبکات بۆ ژیان و دە ستکەوتنی بژێوی، هەرئەمە خۆی بینیوەتەوە لە دابەشـــکردن وگواســـتنەوە و ئاڵوگۆڕی بازرگانی، و ناوەندەکانی تەکنەلۆجیا کەبوونەتە ناوچەی ڕاکێشانی دەستیکار ( قرید، ٢٠١٨: ٦٧).

ئەگەرچی پیشە سازی بەتەنها سروشتی بەرهەمهێنان و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و پێکهاتەی چینایەتی نەگۆڕی بەڵکو وایکرد کە شـــار دروســـتبکات و کۆچی لادێ بۆ شـــار بخوڵقێنێت، و هەمیشـــە جوتیار و کرێکار ئاڵودەبکات بۆ دەســـتکەوتنی پیشـــەی پیشـــەســـازی و گەڕانیان بەدوای بژێوییەوە کە گونجاوی ژیانە کۆمەڵایەتیەکەی شـــار بێت کەهەرلەوێدا دەستەبەری خزمەتگوزاری و چاودێری نوێگەری تیایدا دەکرا (جبارة،بەبێ ساڵ: ٣١ ).

**٣- هۆکاری شۆڕشی بازرگانی:**

ئەو ناوچانە ئاڵوگۆڕی بازرگانیان بەخۆوە بینیوە ئەمە ســـەرهەڵدانێکی گەورە بووە لە ژێر ســـیبەری پەرەســـەندنی پیشەسازی خێرا، و ئەو ناوچانە بوونەتە شاری بازرگانی گەورە کە پەیوەندی نیە بە چالاکی کشتوکاڵیەوە.

**٤- پێڕاگەیشتنی زیاد و زۆر لە هۆیەکانی گوا ستنەوە،** ئەگەرهاتوو هۆیەکانی گوا ستنەوە لە زۆر کۆنەوە بازدانێك بووبێ لە پەرەسەندنی مرۆیی ئەوا ئەمڕۆ هۆیەکی بەهێزە بۆ سەرهەڵدانی شار.

**٥- هۆکاری شـۆڕشـی دیمۆگرافی:** ئەگەرهاتوو شـۆڕشـەکانی کشـتوکاڵی و پیشـەسـازیو بازرگانی و پەرەسـەندنی هۆیەکانی گوا ستنەوە و گەیاندن بە شداریانکردبێت لەپەرە سەندنی شارو گە شەکردنیدا، ئەوا هەموویان لە ئەنجامی گەشەی دانیشتوانی زۆرەوە بووە، کە ئەتوانرێت وادابنرێت کە لە هۆکارەکانیتر کاریگەری زیاتر هەبووە لەسەر گەشەی شـــارنشـــینی بەتایبەتی ژمارەی دانیشـــتوانی جیهان، ســـەرەڕای پەرەســـەندنی تەندروســـتی لە کەمکردنەوەی ڕێژەی مردنەکانیشـــدا، بەڵام نەیتوانیوە ســـنورێك بۆ ڕێژەی لەدایك بووان دابنێت، شـــاریش وادائەنرێت پەناگەیەکبێت بۆ شەپۆلە مرۆییەکان بەتایبەت کاریگەریشیدەبێت لە زیاد بوونی کرێکاردا لە ڕۆیشتنیاندا لە گوند( قرید، ٢٠١٨: ٦٧-٦٨).

زۆرێك لە توێژەرە کۆمەڵایەتیە عەرەبەکان بەژداریدەکەن لە ڕوونکردنەوەی پەیوەندی نێوان بەشـــاریبوون وەکو پرۆسەیەکی گرنگ کەدوابەدوای بەپیشەسازیبوونەوەیە، پێیانوابووە یەکێك لە داواکاری و خواستەکانی پەرەسەندنی

پیشــەســازی وایکردووە دانیشــتوان لە لادێوە بگۆرێت بۆ ناوچەی پیشــەســازی بەشـێوەیەکی بەردەوام ئەم ژمارانە ڕوونیدەکەنەوە کە چڕی دانیشــتوان لەشــارەکاندا لە ١٨٨١ دا کەمتر بووە لەســەدا ٣٠ لە کۆی دانیشــتوانی ئەڵمانیا و نەتەوەیەکگرتووەکـانی ئەمەریکـادا، بەڵام ئەم ڕێژەیە لە ســاڵی ١٩٥٠ دا بەرزبۆتەوە لە ئەڵمـانیـادا بۆ لەســەدا ٧٠ وئەمەریکاش بۆ لەسەدا ٦٤ هۆکارەکەش دەگەڕێتەوە بۆ پەرەسەندنی پیشەسازی لەو دوو دەوڵەتەدا(النصار،١٩٧٧: ٣٠).

لەلایەکیترەوە دەوڵەتە پیشـەسـازیەکان زیاتر بواری کارکردنیان هەبوو وکارەکانیان لە جۆری پلان بۆ دارێژراو بوو کە پشتیدەبەست بە لێهاتووی هونەری ئالۆز، کە کاتێکی تەواویان هەبوو لەبەردەستا بۆ گواستنەوەی جۆری ژیانیان بەرەو خۆشــگوزەرانی، هەربەمەش بارووذۆخێکی نوێ و بەرفراوان لە چینی ناوەندا دروســتبوو کە ئابڵوقەی چینی هەژاریدەدا،و زیاتریش بەژداریکردنی ڕامیاری بۆ ئەم دوو چینە بەرزبۆتەوە بەشـێوەیەکی تێبینیکراو کەوایکردبوو تاکەکانیان بەژداری و نوێنەرایەتیان دەکرد لەکاروبارە ڕامیاریەکانی شارەکەیاندا، کە دەستەڵاتیان هەبوو لە ڕامیاریدا لە شوێنگەی بڕیاردانەکاندا، ئەمەش ڕەنگدانەوەی خێرای هەبوو لە سەر پلانی شارنشینی و گە شەکردنیشی ( سلامة، ٢٠١٠: ٤٤).

لێرەدا دەردەکەوێت کە پرۆســەی بەشــاریبوون لە کۆمەڵگەی بە پیشــەســازیبوودا جیاواز دەبێت لە دەوڵەتە تازەپێگەیشتووەکاندا، لەبەربوونی بەرزی ئا ستی بژێوی تاکەکانیان سەرهەڵدانی پلەی بەرز لە پسپۆڕی لە تەکنەلۆجیا و لێهـاتوویە جۆراوجۆرەکـانیـدا و کەرتی خزمەتگوزاری بەمە ئەنجـامی بـاش خۆیـان ڕیزبەنـد دەکەن لە هەموو لایەنە کانی وەك ئابوری و کۆمەڵایەتیدا، کە ئەمە پێچەوانەیە لەگەڵ دەوڵەتە تازە پێگەیشــتووە کا ندا بەوەی زۆری بێکـاری و، کێشــەی ئـابوری، وکۆمەڵایەتی و هەڵاوســانێـك لە کەرتی خزمەتگوزاری تیـایـدا خۆی بەدەردەخـات و پەرەســەندن تیایدا کەمدەبێت،و زاڵبوونی دەوڵەتی بیانی بوونیدەبێت بەســەر خێرو بێرەکانیانەوە(النصــار،١٩٧٧: ٣١-٣٢).

ســەرەڕای ئەمانەش دەوڵەتە پێشــکەوتووەکان لەڕێگای هۆیەکانی ڕاگەیاندن و بازرگانیکردنەوە وایانکردووە کە دەوڵەتە تازە پێگەیشـتووەکان داب ونەریت وبەها باوەکانی ناو کۆمەڵگەکانیان بگۆڕن بۆ خۆشـەویسـتی سـەرمایە و جۆرەکانی بەکاربردن و تاکێتی کە بەمانە وادەکەن بەژداریکردنی جەماوەری ســنورداربکەن و دیاردەی دواکەوتووی بخولقێنن لەپێناو پێشــکەوتن وخزمەتکردن بەخۆیاندا بەکاریانبهێنن، بەمەش وادەکەن هەمیشــە ئەو کەلێنەی نێوان ئەم دەوڵەتانە بەردەوام بمێنێتەوە (بخاري، بەبێ ساڵ).

لەگەڵ هەمووئەمانە شدا پسپۆڕانی بواری شارنشینی هەوڵیانداوە بۆ دیاریکردنی چەمکی بە شاریبوون بەڵام تاکو ئێستا ڕێکنەکەوتوون لە سەر دیاریکردنی چەمکە ووردەکان بۆ پێوانە کردنی بە شاریبوون و ئا ستەکانی، ئەویش لەبەر جیـاوازی کۆمەڵگەکـان لە ســیســتمە کۆمەڵایەتی و ئـابوری و ڕامیـاری وئـاینیەکـانیـانـدا، وجیـاوازی لە بەهـاو دابونەریتەکانیشـیان لەگەڵ جیاوازی لە ناوچەی جوگرافی لە جیهانیشـدا، وجیاوازیەکانیش لەسـەرچاوە ئابوریەکاندا، هە موو ئەمـانەش بوونەتە هۆی جیـاوازیەکـان لە پێکهـاتە کۆمەڵایە تیەکـان و ڕواڵەتەکـا نی هەڵســوکەو تی کۆمەڵایەتی(قنوص، ١٩٩٤: ٩٦-٩٧)، جگەلەمانەش سـەربەخۆی ژینگەی شـارنشـینی لەناوچەکانی لادێنشـیندا و دوورو

نزیکی لێوەی بەشێکیترە لە دیاریکردنی شارو بەشاریبووندا، کە پسپۆڕانی بواری جوگرافیا زۆر پشتیپێدەبەستن لەکاتی پۆلێنکردنی شاردا لەڕووی سروشتی ژینگەی جوگرافی و ڕاگرەکانیەوە.

ئاڕا ستەی نوێ لە زانستی کۆمەڵنا سی شارنشینیدا پەیوەندی وابە ستەی نێوان ژینگەی لادێ ژینگەی شارنشینی وەردەگرێت، وایدادەنێت کە شار درێژبوونەوەیەکی سروشتی لادێیە بەتایبەت لە دەوڵەتە تازە پێگەیشتووەکاندا، و جیاوازیشی لە خەسڵەتی دانیشتوانی و پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکەدا دەبێت(قنوص، ١٩٩٤:٩٩)، لەلایەکیتریشەوە بەشاریبوون واتا بەرزی و چڕی دانیشتوانیە لە شارێکی دیاریکراودا یاخود ناوچەیەك وەکو تێبینیدەکرێت لە هەندێ شارو لادێدا لە دەوڵەتانی تازە پێگەیشتوودا کە جیادەکرێتەوە بە چڕی دانیشتوانی بەرز، بەڵام ئەمە گوزارشت ناکات لە ناوچە شارنشینیەکان ئەگەر بەراوورد بکەین بە لێکچووەکانی لە دەوڵەتی ئەوروپیدا کەکەمتر چڕو قەرەباڵغن. زۆرینەی شارەکانی کیشوەری ئاسیاو ئەفەریقاو ئەمەریکای لاتینی کەوا دادەنرێت لە قۆناغی تەقینەوەی دانیشتوانی و چڕی دانیشتوانی بەرزدا بن بەڵام لەهەمانکاتیشدا ناوچەیەکن بۆ هەژاری و نەخۆشی و بێکاری و نەبوونی خزمەتگوزاری گشتیش، لە ئێستاشدا تاڕادەیەکی زۆر پشتدەبەستن بە کشتوکاڵی کلاسیکی. ئامارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەوە ڕووندەکەنەوە کە دانیشتوانی ئەو سێ کیشوەرە نمونەی سێ چارەکی دانیشتوانی ئاوەدانیە تاکو کۆتای سەدەی بیستەم (الفائدي، ٢٠٠٤: ١٢٣).

بەگشتی چەند پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی بنەڕەتی خۆیان بەدەردەخەن لەگەڵ بەشاریبووندا ئەوانیش بریتین لە:

**١-پرۆ سەی جوڵەی فیزیقی -جوگرافی بۆ دانیشتوان**: لەلادێوە بۆ شار بەتایبەتی بەهۆی پەرە سەندنی هۆیەکانی گواستنەوەی نوێوە دەبێت، ئەمە یارمەتیدەر بۆ ئەو جوڵەیەی بەرەو شار لە ئەنجامدا کە ناسراوە بە La mobilite spatiate.

**٢-پرۆسەی چڕبوونەوەی لە شاردا وابەستەبوونی بە جوڵەی پیشەییەوە**: ئەم هۆکارە دەبێتە چوارچێوەیەکی بنەڕەتی کە بەژداردەبێت لە دیاریکردنی سرو شتە ئابوریەکە و تایبەتمەندێتی ئەو ژینگەیە،لێرەدا توێژەرەکان ئەتوانن هە ستن بە دیاریکردن کە تاکو چەندە بەژداریانکردووە لە گۆڕانی شێوەی بەرهەمهێناندا و ڕۆڵی ئەوانەش لە ڕوودانی گۆڕانەکاندا لە سروشتی هەڵسوکەوتی مرۆڤایەتیدا.

**٣-پرۆسەکانی گونجاندنی پلەبەندی بۆ دانیشتوان:** ئەویش بەپێی مەرجەکانی ژیانی شارنشینی و دەرکەوتنی گۆڕان لە جۆری هەڵسوکەوتی ئەوانەی کە نیشتەجێن لە شاردا.

**٤-چەمکی بەشاریبوون وابەستەدەبێت بە بنەمای ڕەهەندی شوێنیەوە**: ئەو بەهایە زۆربەی کات وابەستە و کاریگەردەبێت بەم ڕەهەندەوە. بواری شارنشینی تەنها شوێنی نیە بەمانای جوگرافی،یان ئابووری، بەڵکو لە بنەچەدا شوێنی کۆمەڵایەتیە کە بەهۆیەوە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان پێکدێت لە نێوان دانیشتوانەکەیدا جا ئەم هەڵسوکەوتە وابەستەبێت بەتاك یان بە کۆمەڵەی بچوکی بەشاریبووەوە کە ئەمە یارمەتی توێژەر دەدات بۆ لێکۆڵینەوە لە خەسڵەتی تاکی بە شاریبوو، یان خە سڵەتی کۆمەڵەی بە شاریبوون جا ئەمە خێزان بێت یان کۆمەڵەی کۆمەڵایەتی یان کۆمەڵگەی خۆجێی.

**٥-پرۆسەی سایکۆلۆجی کە خۆیدەبینێتەوە لە ئاڕاستەی بەرەو تاکێتی:** لە ئەنجامی دابەشبوونی پەیوەندیەکان کە وابەستەی تاکە بەوانیترەوە و بەهۆی ئەو دۆخە و لێکدابڕانیان (هارون، ٢٠١٤: ٦٠).

سەرەڕای ئەمانە زۆرێك لە بیرمەندەکانی بوارەکە لەو بڕوایەدان کە شارنشینی و پرۆسەی بە شاریبوونی هاوڕێیە لەگەڵ گەشـــەی شـــارەکاندا و تێپەڕبوون لە کۆمەڵگەی وەرزێریدا کە گۆڕانی شـــێوە کرداری هاوڵاتیانی لەگەڵدا بووە. هەربۆیە پێیانوایە شارنشینی دوو واتای هەیە "بەشاریبوون" و"لەشاردابوون" ئەم چەمکانە زیاتر لایەنی جوگرافی و کلتوری هەیە بەوەی هاوڵاتی خۆی تەرخاندەکات بۆ چوونە ناو ئەو بۆشـــاییەوە ولەگەڵیشـــیدا زیادکردنی ناوچە شاریەکانیەکەشە لە ڕووی دانیشتوانیەوە. دەکرێت بوترێت کە شارنشینی خاوەن کۆمەڵێك لە سیفات و تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی و کلتوری خۆیەتی کردەوەی تاك یاخود کۆمەڵ لەو ژینگەیەدا کە شـــارنشـــینیە لەشـــارێکدا دروســـت دەکات(ڕەبانی،٢٨:٢٠١٣-٢٩).

**دەرئەنجام:**

دەوڵەتە پێشکەوتووەکان هۆکارو ئاماژەپێدەدری جیاوازیان هەبوو لەڕووی گەشەی دانیشتوانی وبەشاریبوونەوە بەوەی ئەم دەوڵەتانە لە ڕووی ئەو ئەزمونەی هەیانبووە جیاوازبوون لە دەوڵەتە تازەپێگەیشـــتووەکان جگەلەوەی پێشـکەوتنی تەکنەلۆجیا وپەرەسـەندنی پیشـەسـازی هۆکاربوون بۆ هەنگاونانیان بۆ بەشـاریبوون کە دۆخی ئابوری و کۆمەڵایەتی وکلتوریان لە ئاســـتێکی بەرزیشـــدابووە، بەمە وایکرد تاکەکانیان لەڕووی پســـپۆڕێتیەوە بتوانن برەو بە دۆخی کۆمەڵگەکانیان بدەن و ژیانێکی شایستە بخوڵقێنن بۆ نەوەکانیشیان.

ســـەرەڕای ئەوەی ئەم کۆمەڵگەیانە لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە کاریان بۆ پێشـــکەوتن وخۆشـــگوزەرانی کۆمەڵگەکەیان دەکرد بەڵام هەنگاوەکانیان هەڕەمەکی نەبوو بەوەی پلانێکی لەبارو گونجاویشـــیان هەبوو بۆ ئەم مەبەستە کەوایکرد جیاببنەوە لە دەوڵەتە تازەپێگەیشتووەکان لە ڕووی بە شاریبوون وگەشەی شارنشینیانەوە،هەلی کارکردن و بەژداریکرن لە پرۆســـەی ڕامیاریدا بوونە خەســـڵەتێکی باوی ئەو کۆمەڵگەیانە بەهۆی باشـــی لایەنی ئابوریانەوە کاردەکەن بۆ گەشەپێدانی هەموو لایەنەکانی ناو بوونیادە کۆمەڵایەتیەکەوە و دروستبوونی دامودەزگاکان و هەستان بەکارەکانیان وەکو خۆی لەو دەوڵەتانەدا کە یاسا سەروەردەبێت تیایاندا.

لەلایەکیترەوە دیاردەی بەشـاریبوون بە ئاڕاسـتەیەکی جیاواز سـەریهەڵدابوو کە تەنها هۆکاری دیموگرافی ئەمەی نەدەسـەلماند بەڵکو پێشـکەوتنی تەکنەلۆجیاو بواری داهێنانی کاریگەریەکی گەورەی هەبوو لەگەڵ جۆری کۆچکردنی ڕێپێدراو کە لەلایەن دەســـتەڵاتدارانی ئەو دەوڵەتانەوە ڕێکدەخرا بۆ تاکەکانیان بۆ خولْقاندنی ژیانێکی شـــایســـتە بۆ تاکەکانیان بەمەش وایکرد تاك هۆشیاربێت لەبەرامبەر هەر هەنگاوێك دەینێت لە ژیانیدا بۆ ئەمەش کۆچیان دەکرد بۆ ئەو شـارانەی کە پێشـکەوتووبوون لە هەموو ڕوویەکەوە بۆ ئەوەی برەو بەلایەنی مادی واتایی خۆیان بدەن کە تاکی شارەزاو لێهاتووی دەخوڵقاند و پێداویستیەکانیشیان دەستەبەردەکرد.



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

وەکو توێژەر لە دوو توێی ئەم توێژینەوە تیۆرییەدا هۆکارەکان و ئاماژەپێدەرەکانی گەشەی شارنشینی و بەشاریبوونی خستۆتەڕوو، لە دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە توێژەر گەیشتۆتە ئەم خاڵانەی خوارەوە:

١-شار لە وولاتە پێشکەوتووەکاندا ئامادەیی بووە پێش سەرجەم شۆشەکان، ئەمەش وایکردووە لەگەڵ پێشکەوتنەکانی بواری پیشەسازی بازرگانی تەکنەلۆجی وخزمەتگوزاری کەمترین گرفت ڕووبەڕووی شارەکان بێتەوە بە بەراوورد بە شار لە وڵاتە تازە پێگەیشتوو و وڵاتە دواکەوتووەکاندا.

٢-پلاندانانی شارنشینی بەیەکێك لە ئاماژەپێدەرە جیاکەرەوەکانی گەشەی شارنشینی و بەشاریبوون لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا دادەنرێت کە هەریەکە لە پلاندانان بۆ شار خزمەتگوزاری دەگرێتەخۆی.

٣-کەرتی خزمەتگوزاری لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا گەشەکردن و بەرفراوانبوونی بە هاوتەریبی بەگەشەی بواری پیشەسازی و بازرگانی بووە و پرۆسەیەکی تەواوکاری لە بەشاریبووندا هێناوەتە کایەوە بە بەراوورد بە وولاتە دواکەوتوو و تازە پێگەیشتووەکان کە هەڵاوسانێك لە کەرتی خزمەتگوزارییەکان لە ئەنجامی پرۆسەی بەشاریبوون وەکو گرفتێکی شارنشینی دەرکەوتووە.

**سەرچاوەکان:**

١-أبوزيد، أحمد( ١١/١٨/ ٢٠١٣ )، الإتجاه نحو التحضر، لە ماڵپەڕی :www.balagh.com.

٢- القنوص،صبحي محمد(١٩٩٤)، دراسات الحضرية مدخل نظري، الدار الدولية للنشر والتوزيع.

٣-الفائدي، محجوب عطية (٢٠٠٤)، علم الاجتماع الحضري، دار الكتب الوطنيه بنغازي، ط/١، ليبيا.

٤-الأمم المتحدة، (بەبێ بەروار)، السكان، لە ماڵپەڕی : www.un.org .

٥-الميغري،عماد(١٩٩٩)، خصوصيات التحول الديموغرافي وبروز المشكلة السكانية في العام الثالث: المنطقه المغاربية نموذجا، لە ماڵپەڕی :Journals.openedition.org> insaniyat.

٦-النصار،عبدالكريم عبدالسادة(١٩٧٧)،التصنيع وأثره في حفز التغير الاجتماعي في مدينة بغداد دراسة لأثر هذه الظاهرة في الوسط العمالي في القطاعات العام والمختلط والخاص، منشورات وزارة الاعلام -عراق.

٧- بخاري، عبلة عبدالحميد(بەبێ بەروار) (التنمية والتخطيط الاقتصادي:خصائص الدول الأقل نموا، ج٢، لە ماڵپەڕی : (www.kau.edu.sa)

٨- تشان، مارغريت وكليفبي،انغا بجورك(٢٠١٠)، المدن الخفية الكشف عن التفاوت الصحية في المناطق الحضرية والتغلب عليها،منظمة الصحة العالمية ، لە ماڵپەڕی https://mirror.unhabitat.org>getElectronicVersion.

٩-تمر، فاروق حجي و الجلبي، أياد بشير (٢٠١٨)، تطوير الانشطة الاقتصادية للمدن على وفق معايير التنمية المستدامة – دراسة حالة سنجار، مجلة تنمية الرافدين، المجلد /٣٧، العدد/ ١١٩.

١٠- جبارة، عطية جبارة(بەبێ ساڵ)، الاتجاهات النظرية في علم الاجتماع الصناعي،دار الوفاء لدنيا الطباعة والنشر.

١١-حنفي،آيات(٢٠٢٠/١١/٢١)،تعريف الدول المتقدمة، لە ماڵپەڕی www.almrsal.com.

١٢-خمش، مجدالدين عمر خيري(٢٠٠٥ )، علم الاجتماع الموضوع والمنهج،، دار مجدلاوي، ط/٣، عمان، الاردن.

١٣- دادلي، نايجل و الكسندر، سا شا ( ٢٠١٧)، اتفاقية الأمم المتحدة لمكافحة التصحر / التوقعات العالمية الارا ضى، ط/٢ له مالپەڕی : www.unccleam.org.

١٤- رابح، بن يحي (٢٠٠٥)، أثر النمو الحضـري على المحيط العمراني دراسـة حالة مدينة باتنة من أجل مدينة مستدامة، رسالة ماجستير منشورة، جامعة منتوري قسنطينة، كلية علوم الارض، الجغرافيا، التهيئة العمرانية- قسم الهندسة المعماري و التعمير.

١٥- ڕەبانی، ڕەسول(٢٠١٣) ، کۆمەڵناسی شار، و: ئەحمەدی، چەکۆ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپ/یەکەم،-هەولێر.

١٦- رواندزي، عمر حسـن حسـين و هەنارەيی، رزگار محمد عثمان (٢٠١٤)، إتجاهات التوسع الحضـري (المساحي) للمراكز الحضـرية في قضاء سوران وآثارها البيئية((باستخدام نظم المعلومات الجغرافية GIS ))،مجلة جامعة دهوك (العلوم الانسانية والاجتماعية)، المجلد /١٧، العدد/ ٢.

١٧- سعيد،عبدالحميد على(٢٠٠٥ )، دور ثورة ايلول ١٩٦١-١٩٧٥ في حركة التغير الاجتماعي،دراسة ميدانية في إقليم كردستان العراق،أطروحة دكتوراه منشورة مقدمة الى جامعة صلاح الدين، كلية الاداب- قسم الاجتماع-اربيل.

١٨- سلامة، جهاد صالح عبد اللطيف(٢٠١٠)، الأبعاد الاجتماعية السياسية في التطوير الحضري لاحياء الفقراء، رسالة ماجستر منشورة، جامعة نجاح الوطنية، كلية الدراسات العليا.

١٩- فوزي، مشنان(٢٠٠٩)، البناء الفوضوي ومشكلة التنمية العمرانية –دراسة ميدانية لمدينة باتنة حي أولاد بشينة نموذجا، رسالة ماجستير منشورة، جامعة منتوري –قسنطينة، معهد العلوم الانسانية –قسم علم الاجتماع والديمغرافيا.

٢٠- قريد،عبدالكريم(٢٠١٨)، المعوقات الاجتماعية للتخطيط الحضـري دراسة ميدانية بمدينة عين ولمان -سطيف، اطروحة دكتوراه المنشورة، كلية العلوم الانسانية -قسم الاجتماع و الديموغرافيا، جامعة محمد لمين دباغين -سطيف٢.

٢١- دول العالم الأول والثالث والدول الصناعية الجديدة(٢٠١٨/٨/١)، له مالپەڕی أسود البيزنس: www.business4lion.com

٢٢- نجاة، مليحي (٢٠٠٦)، مشكلات النمو الحضري لمدينة عين مليلة حي رقايزي و قواجلية نموذجا، رسالة ماجستير منشورة، جامعة منتوري –قسنطينة،كلية العلوم الانسانية والعلوم الاجتماعية –قسم علم الاجتماع والديمغرافيا.

٢٣- هارون، فتحية (٢٠١٤)، التحضر: دراسه لبعض المشكلات النظرية و المنهجية المتعلقة به، مجلة العلوم الانسانية، جامعة سطيف-٢، مجلد/ ا، عدد/ ٤٢، الجزائر.

٢٤-وناسي،سهام (٢٠٠٩)، النمو الحضـري ومشكلة السكن والإسكان، رسالة ماجستير منشورة، جامعة الحاج لخضر،كلية العلوم الاجتماعية والعلوم الاسلامية-قسم علم الاجتماع والديموغرافيا –باتنة.